# تیرۆریزم وئیسلامگەرێتی لەفەرهەنگی کورددا..

## کەمال رەئوف

ماوەیەك لەمەوبەر كۆمەڵێك لەپیاوانی ئاینی كورد نامەیەكیان ئاراستەی هەرسێ كەسایەتی ناسراو و قسە ڕۆیشتووی ناو مەزهەبی شیعە ,سیستانی , موقتەدای سەدر, عەبدولعەزیز حەكیم كرد , هێشتا دووهەفتە بەسەر ئەو نامەیەدا تێپەڕ نەببوو كەچی لەولاوە كارەساتێكی خوێناوی لە هەولێر بەفیتی ئیسلامیەكان ڕوویدا , ناوەڕۆكی نامەی مەلاكوردەكان هەرچەندە بەزمانی ئاینی نووسرابوو بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا ئاڵێنرابوو لە دیپلۆئاینیەوە و هەوڵێك بوو تا لەرێگەی بیرخستنەوەی ئایەت و حەدیسەكانەوە سەرنجی ئەو كەسایەتیانە ڕاكێشرێت بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی كوردو گەڕانەوەی ئەو شوێنانەی كە بەعەرەبە هاوردەكانی ناو كەركوك وشوێنەكانی تری كوردستان داگیركراوەو كێشەو پشێووی لەسەریان دروست بووە, من نازانم مەلاكوردەكان لەوەڵامی نامەكەیاندا چیان وەرگرتۆتەوە ولەلایەن ئەو سێ كەسەوە چ بەڵێنێكیان پێدرا , بەڵام هەرچۆنێك بێت تەقینەوەكانی ناوهەولێر بەوەڵامێكی ڕاشكاوانەتری ئیسلامییەكان و شۆڤێنیزمی عەرەبی دەزانم لەبەرامبەر هەر داواو هەوڵێكدا كەكورد بۆچارە سەركردنی كێشەكانی خۆی دەستی بۆ بەرێت , چونكە قەساوەتی ئەوكارە تیرۆریستیەی ئەم دواییە هەرچۆنێك بێت و لەژێر هەربیانوویەكدابێت دیووی ناوەوەی پریەتی لە هەڕەشەو بوغزو كینە دەرهەق بەخەڵكی كورد , هەڕەشەیەك كەبەئەقڵی توندڕەوەكانی ئیسلامی سزای مورتەدەكانی ئیسلامی پێدەدرێت و بوغزو كینەیەكیش مەگەر هەر لەسینەو ناخی شۆڤێنیستەكاندا بوونی هەبێت بەرامبەر بەدەنگ و ڕەنگی جیاواز لەخۆیان ,لێرەوەیە پێم وایە خەڵكی كورد دەنگ یازوو دەبێت لەوەتێبگات كە بیری تاریكی ئیسلامگەرێتی و ئەقڵی نەخۆشی شۆڤێنیزم ناتوانێت بكاتە دۆست ویاری خۆی , وەهەروەها ناشتوانێت تاسەرلەنێوان دووڕێیانی مجامەلەی ڕیاكارانەو ڕەتكردنەوەی ترسنۆكانەدا گەمە بكات , بۆیە دەبێت لەم قۆناغەدا بیر لەرێگا چارەیەكی تر بكاتەوە و بتوانێت ڕاشكاوانە ڕایگەیەنێت كەچیتر سەردەمی مجامەلەو دەست پێوەگرتنی شتە باوەڕزیوو كۆنەكان نیە و هەلومەرجەكە قۆناغێكی نوێی لەشەن و كەوكردنی دیاردەباوە ئیسلامیەكانی پێویستە و دەبێت لەدنیای سیاسەتی كوردیشدا بژارێكی زیرەكانە لەنێوان دۆست و نەیارەكانیدا بەقازانجی چوونە پێشەوەی مەسەلەكەو پێگەیاندنی نەوەیەكی تەندروستی نوێ سەر هەڵبدات .

ئەمریكاییەكان كارە تیرۆریستیەكانی گرووپی قاعیدەیان كردە بیاوونوویەك تا بەهەمموو ئەو دۆستایەتی و هاوپەیمانێتیەدا بچنەوە كەلەسەردەمی جەنگی ساردا هەیان بوو , هەروەها ئەو جیهان بینینە تازەیەشیان كردە سەرەتایەك تاكو لەوێووە سەیری بەرژەوەندیەكانی خۆیان بكەن و لەسەر ڕێچكەی تازەو شێوازی خۆ وویست بڕۆن بۆبینا كردنەوەی پەیوەندیەكانیان و ڕاشكاوانە نەمتێك و جۆرێكی تر مۆسیقا بۆ ئاشتی ومرۆڤایەتی بژەنن , كەچی حیزبی كوردی بەپێچەوانەوە لە هەڵمەتە شومەكەی ئەنفالدا كە 180 هەزار مرۆڤی كورد بوونە قوربانی نەی توانی سەرنجی خەڵكی كورد بۆ ئەوە ڕاكێشن كە ئەنفال مەغزایەكی ئاینی هەیە وهەوڵی ئەوەبدەن كەلەرێگەی كێشە سیاسیەكان و ئەو واقیعە تاڵەوە كورد لەبیری ئیسلامگەرێتی دوور بخەنەوە, ئەمە جگەلەوەی كە لەدوای ڕاپەڕینیشەوە دنیایەك مجامەلەی هێزە ئیسلامیەكان و دەوڵەت وهێزە شۆڤینیە عەرەبیەكانیان كرد و

هەوڵی ئەوەیان بەخەرج دا کە بتوانن سەرنجەکانی ئەو دوو دیدگا ترسناکە لەسەر مەسەلەی کورد بگۆڕن و بیان کەنە دۆست و هاوپەیمانی کێشەکەی خۆیان , هەربۆیە ئەونامەیەی مەلاکوردەکانیش کە لەم ماوەیەدا ناردویانەو چاوەڕێی وەڵامی نێگەتیفانەی دەکەن ناتوانین بەدەر لەو هەوڵەشکست خواردوانەی سیاسیەکانی کورد سەیری بکەین وبە دووبارەو چەند بارە بوونەوەی ئەو هەوڵە شکست خواردوانەی نەزانین کەتاکوئێستا کورد هەوڵی بۆداوەو ئێستاش دیسانەوە مەلاکوردەکان دەیانەوێت لەڕێگەی بیرخستنەوەی ئایەتەکان و حەدیسەکانەوە قەناعەت بە بیری ئیسلامگەرێتی و شۆڤێنیزمی عەرەبی بهێنن تاکو بەئاشتی کێشەکانی میلەتی کورد چارەسەربکەن .

ئەمڕۆ کورد لەنێو ئازاری قوربانیانی کارەساتەکەی هەولێردا ولەنێو ئەو گۆڕانکارییانەی کەهاتوونەتە پێشەوە لەگۆڕینی تای تەرازووی هێزەکاندا دەتوانن زۆر شت بکەن و ئەو فرسەتە لەکیس نەدەن تاکو خۆ لەمجامەلەکردنی بیری ئیسلامگەرێتی و شتە زیان بەخشەکانی تر قوتاربکەن , پیاوانی ئاینی کوردیش گەر دەیانەوێت بەڕاستی ناوچەکانی کوردستان پاکەنەوە لەبیری شۆڤێنیزمی عەرەبی و داگیرکارییەکان دەبوو ئەوەبزانن کە بەشێکە لەو پرۆسەی بەعەرەب کردنەی کەتا ئەمڕۆ بەردەوامە ئەوەبەئاشکرا وبێسڵەمینەوە هەندێك لەمەلاکان بوونەتە بووقی وقسەکەری وبەشێوەیەکی کۆنەپەرستانەی دورلەزانست وبەها مرۆییەکان بەشان و باڵی خورافەدا هەڵدەدەن و توانیویانە بەشێکی زۆر لەسایکلۆژی خەڵکی کوردستان بەشتی بێ ماناو پووچەوە خەریك بکەن و ڕێگەنادەن و ڕێگری جدین لەوەی کە مەسەلەی پەروەردەو چۆنیەتی ژیانی خەڵك ڕەوتێکی پێشکەوتر بەخۆیەوە ببینێت , ئەوان لەکوردستاندا کە نوێنەرایەتی ئاینی ئیسلام دەکەن بۆنایەن پێش ئەوەی بیر لەوە بکەنەوەنەوە کەنامە بۆ حەوزەئاینیەکان بنێرن بۆخۆیان بیرلەوە ناکەنەوە و قسەیەکی بوێرانە لەوەبکەن کە منالێکی شەش ساڵانی کورد کەهێشتا زمانی بەتەواوەتی پاك نەبۆتەوە چ سودێك لەوەدەبینێت کەهەرلەسەرەتای چوونە مەکتەبیەوە پێش ئەوەی بیر لەوەبکرێتەوە کەفێری چۆنیەتی ڕاگرتنی پاکژی جل و بەرگ و دەست و پێیان بن وددانەکانیان بشۆرن, فێری ئەو ئایەتانەیان بکەن هیچ پەیوەندیەکی بەژیانی منداڵانەوەنییە ونەلەئێستاو نەلەئاینندەدا کەڵکیان نییە؟ ئێمە دەبوو شەرم دامان بگرێ کە خاوەن ئەنفال بین و لەولاشەوە منالەکانمان فێری ووتنەوەو لەبەرکردنی ئەو ئایەتانەبکەین کە هیچیان لەسورەتی ئەنفال جوانتروباشترنین , ئێمە کاتێك منالانمان دەنێرینە قوتابخانە بۆ فێربوونی خوێندەواری و زانست بەلام وەك فەقێ پێش ئەوەی فێری ئەوەبکرێت کەچۆن لەگەل هاوڕێکەی تەنیشتیدا مامەڵە بکات فێری ئەوەبکرێت کە بەعەرەبی بڵێت (کەعبە قیبلەمانە) ! من نازانم چۆن بتوانین ئێمە لەگوناهی ئەومنالانە دەرچین کەبەدەستی خۆمان دەیان شێوێنین و بەحەوت ساڵی پێش ئەوەی فێریان بکەین کەچۆن وەرزش بکەن وسوودەکانیان بۆ باس بکەین وئاشنایان کەین بەخواست و مافەکانی خۆیان, لەبری ئەوە فێری ئەوەبکرێن سورەتی (ئەسحاب فیل وئەلحەمدو.....) بەزمانی عەرەبی بڵێنەوەو بە ترسی ئاگری دۆزەخ فێری نوێژکردنیان بکەین و ترس هەرلەسەرەتای ژیانیانەوە لە رۆحیاندا بچێنین , ئایا ئێوە پیاوانی ئاینی و سەرکردە کوردەکان ئاگاتان لەوەیە کەمنالی شەش ساڵان هەرلەسەرەتای چوونە قوتابخانەیەوە وەك مادەیەکی سەرکی پێش ئەوەی فێری ناوی گەڕەك و شوێنە مێژووییەکانی شارەکەی خۆی بکرێت و پێش ئەوەی ناوی شاعیرو کەسایەتیە مرۆڤدۆستەکانی کوردی پێ بووترێت , فێری ئەوەدەکرێت کەدایانەکەی محەمەد ناوی خەدیجەیەو باوك و باپیرو مامی کێیە و لەکوێ ژیاون و لەکوێ مردوون ؟ ئایا ئێوە بیرتان

لەوەکردۆتەوە بەپێی داگرتنتان لەسەر بەرنامەکانی پەروەردەی ئیسلامی لەقوتابخانەکاندا چ کارەساتێك دەقەومێنن لەچۆنیەتی پەروەردەکردنی منالەکاندا, یان ئێوە قەد بەبیرتاندا هاتووە کە بەباش باسکردنی مێژووی ئاینی ئیسلام و باسکردنی شەڕە خوێناویەکانی ئەو سەردەمە چ ئاسەوارو بڕوایەکی توندوتیژی لەمێشکی منالەکاندا دەڕوێنن وپەروەردەو قوتابخانەکانە دەکەنە ئەو سەربازگایانەی کە لەباتی ئەوەی شوێنی خوێندن و زانست بن دەبنە شوێنی پەروەردەکردنی ئەو کەسانەی کەلەسبەی ڕۆژدا دەبنە ئەنسار ئیسلامێکی توندڕەوو کوردێکی دلسۆزی هاوسەنگەری ئەلقاعیدە ؟